

## بیبلیۆگرافیای کوردناسی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

### بەشی یەکەم

1- Sharaf al-Din Bitlisi, The Sharafnama, or, The history of the Kurdish nation; English translation and commentaries by M.R. Izady, Costa Mesa, Calif.: Mazda, 2004, (272p)

**- شەرەفەددین بتلیسی، شەرەفنامە یان مێژووی نەتەوەی کورد. وەرگێڕانی ئینگلیزی و پەراوێزنووسیی م. ر. ئیزەدی، کالیفۆرنیا، ٢٠٠٤، ٢٧٢ل.**

بەرگی یەکەمی وەرگێڕانی ئینگلیزیی شەرەفنامەیە، وەرگێڕ پێشەکییەکی پوختی بۆ شەرەفنامە نووسیوە و لەم پێشەکیەدا بیۆگرافیای شەرەفخان، ژیان و دەورانی سیاسی و ڕەوشی ناوچەکە، ئەو سەرچاوانە کە شەرەفخان لە نووسینی شەرەفنامە سوودی لێ دیون، هێنراونەتەوە. هەروەها باسی دەستنووسەکانی شەرەفنامەی کردووە کە هەرە کۆنترینیان ئەوەیانە ڕووسەکان لە کتێبخانەی صەفی ئەردەبیللی بردوویانە و مێژووی نووسینی ساڵی ١٥٩٩یە، واتە دووساڵ دوای نووسینی شەرەفنامە و ئەم دەستنووسە ئێستە لە کتێبخانەی سان پێترسبورگ پارێزراوە. پاشان باسی چاپەکانی شەرەفنامەی کردووە (ل: حەوت-سی وپێنج). ئینجا لێرەوە تەرجەمەی ئینگلیزیی بەشی یەکەم دەستی پێکردووەو ئەم بەرگەیان تەنها پێنج فەسڵی یەکەمی شەرەفنامەی گرتووەتە خۆ (ل:٢-٢٤٧).

بنکەی ژین
www.zheen.org

کاریکی نایابی ئەم چاپە ئەوەیە کە ئەم وەرگێڕانە ئینگلیزییە دوو زمانەیە، واتە لایەکی تێکستە فارسیەکە و لایەکی دیکەشی وەرگێڕاوە ئینگلیزیەکەیە. دواتریش کۆمەڵێك نەخشەی زۆر ورد و نایابی شانشینی مەروانیەکان (٩٩١-١٠٩٦)، حەسنەویەکان (١٠٠٠) و ئەتابەگیەکانی لوڕ (١٣٣٠) و ئەیووبیەکان و هەروەها چەندی درەختی بنەماڵەی فەرمانڕەواکانی مەروانی، حەسنەوی و ئەتابەگیەکانی لوڕ و ئەیووبیەکانی لەگەڵدایە (ل:٢٤٨-٢٦١). دواجار بیبلیۆگرافیا (ل:٢٦٢-٢٦٤) و ئیندێکس (ل:٢٦٦-٢٧٢).

2- Robert Olson, The emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925, Austin: Univ. Of Texas Pr., 1989, (XIX, 229).


**- ڕۆبەرت ئۆلسۆن، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ١٨٨٠-١٩٢٥، ئۆستن، زانکۆی تێکساس، ١٩٨٩.**

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە زانستیانەی کە تەرخانی قۆناغێکی ناسکی مێژووی کورد کراوە، ئەویش سەروبەندی دوای جەنگی مۆدرۆس و ڕاپەڕینی چەکداری ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیرانە. نووسەر لەم کتێبەدا، پشت ئەستوور بە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بریتانی و بەتایبەتیش بەڵگەنامە نهێنیەکانی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بریتانی، توانیویە زۆر لایەنی شاراوەی ئەم مێژووە بخاتە ڕوو. کتێبەکە، دوای پێشەکی ولیام ف. توکەر (ل: پانزە- نۆزدە)، دابەشی سەر شەش فەسڵ کراوە: فەسڵی یەکەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد: شێخ عوبەیدوڵلا و کۆمەڵەی کوردان. لەم فەسڵەدا کە تایبەتی بزووتنەوکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ساڵی ١٨٨٠ یە، نووسەر ئەم مێژووەی بە سەرەتای دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کورد دانـاوە (ل:١-٢٥). فەسڵی دووەم: ناسیۆنالیزمی کورد لە پەیماننامەی سێڤەرەوە تا شۆڕشی شێخ سەعید (ل:٢٦-٥١). فەسڵی سێیەم : خولی دووەم: سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کورد لە مۆدرۆسەوە تا لۆزان (ل:٥٢-٩٠). فەسڵی چوارەم: جۆشدان بۆ ڕاپەڕین: لە بەیتولشەبابەوە بۆ پیران (ل:٩١-١٠٦). فەسڵی پێنجەم: ڕاپەڕین و ئەنجامەکانی (ل:١٠٧-١٢٧). ئەم دوو فەسەڵە (فەسڵی چوارەم و پێنجەم) بایەخێکی تایبەتیان هەیە و زۆر تێبینی و لێکدانەوەی نوێ بەخۆوە دەگرن. دواین فەسڵی ئەم کتێبە تەرخانی لایەنە نێودەوڵەتیەکانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید کراوە (ل:١٢٨-١٥٢). کتێبەکە هەشت پاشکۆی بەڵگەنامەداری مێژوویی لەگەڵدایە، لەوانە: پرۆژەی پێشنیارکراوی ئۆتۆنۆمیی کوردستان کە ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٢٢ لەلایەن ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی ئەنقەرەوە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و نووسەر ڕاستەوخۆ ئەم بەڵگەنامەیەی لە ئەرشیڤی بریتانی وەرگرتووە (ل:١٦٩-١٧١). ڕاگەیاندراوی (میرئالا) ئووزدەمیر بۆ هۆزە کوردیەکان (ل:١٧٦-١٧٧). دواجار بیبلیۆگرافیا (ل:٢١٣-٢٢٠) و ئیندێکس (ل:٢٢١-٢٢٩).

تیکەی ژین www.zheen.org

3- Lokman I. Meho, The Kurdish question in U. S. foreign policy: a documentary sourcebook, Westport, Conn. [u.a.]: Praeger, 2004, (XV, 698p).

**- لوقمان محۆ، پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا: سەرچاوەی بەڵگەنامەیی، ۲۰۰٤، ٦۹۸ل.**





نووسەر بۆ خۆی مامۆستای زانستەکانی ڕاگەیاندنە و ئەم کتێبەی بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامە و دەستاویژی ئەمریکی لەبارەی پرسی کوردەوە. لوقمان محۆ پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە (ل: نۆ-پانزە). دواتر مایکل گوتنەر وتارێکی بەناوی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بەرامبەر بە کوردەکان نووسیوە (ل:۳-۱۲) و زۆر بەتایبەتی پێی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ساڵی ۱۹۹۰ەوە داگرتووە. دواتر لوقمان محۆ و مایکل گوتنەر پێکەوە باسێکیان نووسیوە، کە زیاتر بەرچاوخستنێکی کورتی مێژووی کوردە لە دوای شۆڕشی ۱۹۵۸ی عیراقەوە و دواتریش تێکستی (۳۲۷) بەڵگەنامە جێ کراوەتەوە کە زۆربەیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە کۆکراونەتەوە و هەرە زۆریان هی کۆنگرێسی ئەمریکی، پێوەندییەکانی دەوەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەڵگەنامەکانی سەرۆکایەتین.

4- Martin Strohmeier, Crucial images in the presentation of a Kurdish national identity: heroes and patriots, traitors and foes, Social, economic and political studies of the Middle East; 86, Leiden: Brill, 2003, (xvii,265p).

**- مارتین شترۆمییێر، وێنەگەلی دژوار لە وێناندنی ناسنامەی نیشتیمانیی کورددا: پاڵەوان و نیشتمانپەروەر، خیانەتکار و دوژمنەکان، لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ۲۰۰۳.**

نووسەر مامۆستای لێکۆڵینەوەی تورکییە لە زانکۆی قوبرس- نیقۆسیا. ئەم کتێبە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی یەکەمین قۆناغەکانی سەرهەڵدان و ڕسکانی هۆشیاریی نەتەوەیی، زۆر بە تایبەتیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. کرۆنۆلۆژیی باسەکە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و وردتر تا ساڵی ۱۹۳۰ دەگرێتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە پێشەکی و (۳) بەشی

بنکەی ژین www.zheen.org




سەرەکی. بەشی یەکەم: وریابوونەوەی کورد (ل:٩-٧٤) کە باسی دوایین دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و وەدیارکەوتنی چاپەمەنیی کوردی و ڕوویێکی ڕۆژنامەگەریی کوردیی تێدا کردووە. هەر لەم بەشەدا، باسی ئۆپۆزسیۆنی سوڵتان حەمید، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨)، مەم و زین، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد و جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕۆژنامەی ژین و گۆواری کوردستان کراوە. بەشی دووەم: پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا (ل:٧٧-١٤٧)، باسی شوکری محەمەد سەگبان وەك نیشتمانپەروەر، کۆمەڵەی ئازادی و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، خۆیبوون و ئارارات، سورەییا بەدرخان، شوکری محەمەد سەگبان "خیانەتکار"، نامەی جەلادەت بەدرخان بۆ ئەتاتورك، مێژوی پرسی کورد لە تورکیا و یاسای بڵاوەپێکردن، لەم بەشەدا کراوە. بەشی سێیەم: دەروازەیەکی "نوێ" بۆ بەرچاوخستنی نەتەوەی کورد (ل:١٥١-١٩٨)، بنەماڵەی بەدرخان و ڕۆژهەڵاتناسیی فرەنسی، بەرهەمەکانی کامەران بەدرخان وەك (هەڵۆی کوردستان) و جەنگ لەپێناوی کوردستاندا لە باسە سەرەکیەکانیەتی. دواجار دەرەنجام (ل:١٩٩-٢٠٣)، بیبلیۆگرافیا (ل:٢٠٥-٢١٣) و کۆمەڵێك پاشکۆش کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە کە بریتین لە تەرجەمەی ئینگلیزیی تێکستی چەند وتارێك لە ڕۆژنامە یەکەمینەکانی وەك: کوردستان، کورد تەعاون وە تەرقی غەزەتەسی، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، کوردستان، ژین. هاوکات فاکسمیلی ڕۆژنامە و گۆوارەکان بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ وێنەی کۆمەڵێك کەسایەتیی کورددا وەك برایانی بەدرخان و محەمەد شوکری سەگبان.

5- Chris Kutschera, Le mouvement national kurde, Paris, Ed. Flammarion, Coll. (L'Histoire vivante- 4) 1979, (393 p.)

**- کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، پاریس، ١٩٧٩، ٣٩٣ل.**

کتێبێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کوردەوە لە چارەگی دوایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا، بابەتەکان بەگوێرەی کرۆنۆلۆژی ڕووداوە مێژووییەکان پۆلێن کراون. کتێبەکە دابەشی سەر چوار بەشی سەرەکی کراوە. بەشـی یەکەم: لەدایکبوونی

بنکەی ژین
www.zheen.org





ناسیۆنالیزمی کورد (ل:۱۳-۳۵)، باسی میر بەدرخان و بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دەستپێکی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد لەم بەشەدا کراوە. بەشی دووەم: ساڵانی چەوساندنەوە (ل:۳۹-۱۲۹)، باسی ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا (۱۹۲۱)، بزووتنەوەی سمکۆ، بزووتنەوەی شێخ مەحموود، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (۱۹۲۵)، کۆماری کوردیی ئارارات (۱۹۲۷-۱۹۳۱)، دوایەمین شۆڕشی شێخ مەحموود، شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی و شۆڕشی دێرسیم (۱۹۳۷-۱۹۳۸) لەم بەشەدا هەن. بەشی سێیەم: خەبات بۆ سەربەخۆیی (ل:۱۳۳-۳۳۳)، درێژترین بەشی کتێبەکەیە شۆڕشی ۱۹۵۸ی عیراق، جەنگی قاسم لەگەڵ کورددا، یەکەم ئاگربەس (شوبات-حوزەیرانی ۱۹۶۳)، یەکەم جەنگی بەعس، دووەم ئاگربەس، جەنگی عارف، سێیەم جەنگی بەعس (ئاداری ۱۹۷٤-ئاداری ۱۹۷۵)، ڕێککەوتننامەی جەزایر لە باسەکانیەتی. بەشی چوارەم: دەرەنجام و ئاسۆبینین (ل:۳۳۷-۳۵۰)، کوردانی تورکیا لە ۱۹۵۸ەوە تا ۱۹۷۵، کوردانی ئێران لە ۱۹۵۸ تا ۱۹۷٦ و دواجاریش کوردەکانی عیراق لە ۱۹۷٦. پاشان دەرەنجام (ل:۳۵۱-۳۵۵) و پەڕاوێز و بیبلیۆگرافیا (ل:۳۵۷-۳۸۰) لە بابەتەکانیەتی.

**6- Salah Jmor, L'origine de la question** kurde, **Paris, Éd. l'Harmattan, Coll.Comprendre le Moyen-Orient) 1994, (283 p)**

**- سەلاح جمور، بنچینەی پرسی کورد، پاریس، ۱۹۹٤، ۲۸۳ل.**

بنکەی ژین
www.zheen.org





ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دکتۆر کە ساڵی ۱۹۹۲ پێشکەش

به ئینستیتووی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکانی زانکۆی ژنێڤ کراوە. جمور به بنچینەکانی پرسی کورددا هاتووەتە خوارەوە و لە سەرهەڵدانی پرسی کورد دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا کێشەی ویلایەتی مووسڵ دوواوە. ئەم کتێبە سەنتێزێکی زانستییە و پشت بە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوەکانی ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا، کۆمەڵەی گەلان، ئێران، عیراق و تورکیا بەستراوە. کتێبەکە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر میرنشینە کوردیەکان، پەیماننامەی ئەرزرۆمی یەکەم و دووەم و دواتریش بەرژەوەندیەکانی ڕووسیا- بریتانیا و ئەوروپا لەناو کوردستان (ل:٢١-٤٨). فەسڵی دووەم: جەنگی یەکەمی جیهانی، داگیرکردن و ڕێککەوتننامە نهێنیەکان ١٩١٤-١٩١٨ (ل:٤٠-٧٤). فەسڵی سێیەم: لە ئاگربەسی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ەوە تا مۆرکردنی پەیماننامەی ڤێرسای لە حوزەیرانی ١٩١٩دا (ل:٧٥-١٠٦). فەسڵی چوارەم : لە مۆرکردنی پەیماننامەی ڤێرسایەوە لە حوزەیرانی ١٩١٩دا تا کۆنفرەنسی سان ڕیمۆ بلە نیسانی ١٩٢٠دا (ل:١٠٧-١٣٤). فەسڵی پێنجەم: پەیماننامەی ئاشتی سێڤەر لە ئابی ١٩٢٠دا و هەوڵەکانی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك (ل:١٣٥-١٥٦).، فەسڵی شەشەم: لە دووەم کۆنفرەنسی لەندەنەوە لە شوباتی ١٩٢١دا بۆ کۆتاییی کۆنفرەنسی لۆزان لە تەمووزی ١٩٢٣دا (ل:١٦٩-٢٠٤) دواین فەسڵ: کۆمەڵەی گەلان (ل:٢٠٥-٢٣٨).

دواجاریش دەرەنجام (ل:٢٣٩-٢٦٠) و بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان (ل:٢٦١-٢٨٣). دەبێ ئەوە بگوترێ کە نووسەری ئەم کتێبە لە ١٩٨٢ەوە تا ١٩٩٢ نوێنەری کورد بووە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و وەك مامۆستاش لە زۆر زانکۆ دەرسی وتووەتەوە و بەداخەوە ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ لە بەغدا بە گوللەی وێڵی ئەمریکاییەکان شەهید کرا.

**7- Hamit Bozarslan, La question kurde: États et minorités au Moyen-Orient; préf. de Rémy Leveau, Paris: Presses de Sciences po, 1997, (383 p.)**

- حەمید بۆزئەرسلان، دەوڵەت و کەمینە نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاریس، ١٩٩٧، ٣٨٣ل.




بنکەی ژین www.zheen.org

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بریتییە لە دووەم کارنامەی دوکتۆرای پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسلان کە ساڵی ١٩٩٤ پێشکەش بە ئەنستیتووی لێکۆڵینەوە سیاسیەکان* کراوە. سترەکتووری ئەم باسە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە. پێشەکی (ل:١٥-٢١). دواتریش فەسڵێکی پێشبار هەیە بە ناوی: یەك پرس: چوار حەقیقەتی دەوڵەتی (ل:٢٤-٥٧). ئەم فەسڵە هەم ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە مێژووی کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەت دەورانی دواین چارەگی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر تا دەگاتە ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەم. دواتر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سەنگی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێکهاتەی دانیشتوانی کورد لە هەریەکە لەو وڵاتانەی ناوچەکەدا، ڕێژەی کورد بە بەراورد لەگەڵ دانیشتواندا، ڕەوشی ئابووری و سروشت و پێکهاتەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتانی ناوچەکە دەخاتە ڕوو. ئینجا کتێبەکەی کردووە بە دوو بەشی سەرەکی و هەر بەشێکیش بۆ چەند فەسڵی سەربەخۆ. بەشی یەکەم: ئەکتەرەکان (ل:٦١-١٤١). ئەم بەشە کراوە بە ٢ فەسڵ: خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم، مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە و چەمکی نوێی کەمە نەتەوە و دۆکترینی ڕەسمیی دەوڵەت. پاشان لە شیکردنەوەیەکدا پارچەپارچەبوون و دۆکترینی ناسیۆنالیزم و دوای ئەم بەرچاوڕوونییەیش لە ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدان و پێکهاتەکانی کۆڵراوەتەوە.

بەشی دووەم: مۆدی باڵادەستی و مۆدی ڕەتکردنەوە، نووسەر لەم بەشەدا کە بەشی سەرەکیی تێزەکەیە لە (٤ ) فەسڵی جیاوازدا کارڕاییکردنی پرسی کوردی لەلایەن دەوڵەتەکانەوە و وەڵامی پرسیاری سەرەکیی بۆچی ئەم مۆدێلی کارڕاییکردنە نەیتوانی ڕێگە لە پێکداهەڵپرژانی چەکداری بگرێ؟ ڕوون کردووەتەوە. ئەوجا لە فەسڵێکی سەربەخۆدا هاتووەتە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بزووتنەوەی کورد، پێکهاتەی بزووتنەکە، سروشت و زەبروزەنگی ناوخۆیی کورد و بایەخێکی زۆریشی بە چەمکی زەبروزەنگ لەناو کۆشی بزووتنەوەی کورددا داوە. فەسڵی پێش کۆتایی تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی کایەی کوردی و دووبارە بەخێڵکردنەوەی کایەکانی کوردی، بەرەنگاریکردن و گۆڕانکاریەکانی لێکجودابوونەوە ئیتنیکیەکان و لەم فەسڵەدا پێ لەسەر میکانیزمی بەشەرعیکردنی هەوڵدانەکانی ئەکتەرەکان داگیراوە. نووسەر لە دواین فەسڵی تێزەکەدا چووەتەوە سەر ڕەهەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی پرسی کورد و ویستوویە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چۆن پرسی کورد لە چوارچێوە "ناوچەییەکە" دەردەچێ؟ ئەو میکانیزمانە چین کە شەرعییەتی ئەوەی پێدەدەن ئەم دەرچوونە فەراهەم بکات؟ دەرەنجام (ل:٣٤٩-٣٥٣). پاشبار (ل:٣٥٥-٣٥٦). دواتر چەند پاشکۆیەك کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە، وەك پاشکۆی ژمارە ١: ڕێکخراوە کوردیەکان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، سەرکردە و ئایدۆلۆجییان؛

* Institut d'études politiques

www.zheen.org

پاشكۆی ژمارە ۲: ڕێكخراوە كوردیەكان- مۆدی كاركردن و سەنگی سیاسییان. چەند نەخشەیەكی كوردستانیش دانراوە. كرۆنۆلۆژیا (ل:۳٦٥-۳۷۱) و بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (ل:۳۷۳-۳۷٦).

8- Jacqueline Sammali, *Être kurde, un délit ? portrait d'un peuple nié*, Paris: Éd. l'Harmattan, Coll. (Comprendre le Moyen-Orient) ,1995, 303 p.

**- ژاكلین سەممەلی، كوردبوون، گوناهە؟ پۆرترێتی گەلێكی نكوولیلێكراو، ۱۹۹٥، ۳۰۳ل.**



نووسەری ئەم كتێبە ژنە سویسرییەكە لەنزیكەوە لە ئازار و مەینەتیەكانی كورد گەیشتووە و ئەم باسەشی وەكوو نامەی لیسانس ساڵی ۱۹۹٤ پێشكەش بە زانكۆی ژنێف، كۆلیژی زانستە پەروەردەییەكان كردووە و دواتر لە دەزگای لارمماتان چاپ كراوە. كتێبەكە كراوەتە سێ بەشی سەرەكی: بەشی یەكەم، كۆمەڵگەی كورد- كولتوورەكەی، چاوپێداخشانێكی مێژوویی (ل:۳۱-۹٥). ئەم بەشە لە (۷) فەسڵ پێك هاتووە و نووسەر باسی بنچینەی كورد، سترەكتووری كۆمەڵگەی كوردەواری، ئاین، زمان، ئەدەبی زارەكی و نووسراو، داگیركاریی درێژاییی سەدەكان. دوا فەسڵی ئەم بەشەیش تەرخان كراوە بۆ شۆڕشەكانی كورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا. بەشی دووەم: بنچینەی نكوولیكردنی كولتووری لە توركیا (ل:۹۷-۱۳٦)، ئەم بەشە لە (٤) فەسڵدا دابەشكردنی كوردستان و هەنگاوەكانی سیاسەتی كەمالی دژ بە كوردەكان شی كردووەتەوە و باسی شۆڕشەكانی كوردی لە سەدەی بیستەمدا كردووە. دوا فەسڵیش باسی ژیانەوەی ناسنامەی كورد و نەیاریی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی ڕێكخراوی نوێی تێدا كراوە. دواین بەش: كاریگەرییەكانی نكوولیكردنی كولتووری، ئەنجامەكانی بەدواداچوونێك كە لە كوردستان (ل:۱۳۷-۲۷۳). باسی مۆدی ژیان و ئەو كەشوهەوا مرۆتۆقێنە كراوە كە لە كوردستانی توركیا زاڵ بووە. هەر لەم بەشەدا ئەو قەدەغەكاریانە كە خراونەتە سەر زمانی كوردی ورد كراوەتەوە. فەسڵی كۆتاییی كتێبەكە بریتییە لەنێوان نكوولیكردن و بەرگری كە تەرخانی زمانی دایك كراوە. دواتر چەند پاشكۆیەك بەگەڵ كتێبەكە دراوە، وەك نەخشەی كوردستان، تابلۆی زمانە ئیندۆئەوروپاییەكان

www.zheen.org

و نەخشەیەکی جوگرافیی کوردستان. بیبلیۆگرافیا (ل:۲۸۹-۲۹٤).

9- Chris Kutschera, Le défi kurde ou Le rêve fou de l'indépendance; préf. De Danielle Mitterrand, Paris : Bayard éd, 1997, (352 p).

- کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد یان خەونی شێتانەی سەربەخۆیی، پاریس، ۱۹۹۷، ۳۵۲ل. پێشەکیی لەلایەن دانییێل میتراند بۆ نووسراوە (ل:۹-۲۱).





بەشی یەکەم: لە عیراق. لە لەناوچوونەوە بۆ نیمچە سەربەخۆیی (ل:۲۵-۱٤٤). ئەم بەشە بەسەر پێنج فەسڵی جیاوازدا دابەش کراوە، لە خەباتی کوردی عیراق دەدوێ هەر لە ساڵی ۱۹٤۱ەوە تا شەڕی براکوژیی ساڵانی ۱۹۹٤-۱۹۹۸، بە ڕوویێکی تایبەت تەرخانی ساڵانی پاش هەرەسی ۱۹۷۵ کراوە و بایەخێکی تایبەتی بە ژیانی فرە حزبایەتی داوە لەم بەشەی کوردستاندا. بەشی دووەم: لە ئێران: هیوای هەڵە بە شۆڕشی ئیسلامی (ل:۱٤۷-۲۲۱). ئەم بەشە لە چوار فەسڵی سەربەخۆدا مێژووی بزووتنەوەی کوردی ئێرانی گێڕاوەتەوە و سەرەتا خەباتی نهێنیی حدکا و دواتر بزووتنەوەی کوردی دوای هاتنە سەر کاری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (۱۹۷۹) تا ساڵانی نەوەد و تیرۆرکردنی قاسملوو (۱۹۸۹) و شەرەفکەندی (۱۹۹۲) ڕوون کردووەتەوە. بەشی سێیەم: لە تورکیا. خەونی شێتانەی سەربەخۆیی (ل:۲۲۵-۲۹۱). ئەم بەشە بۆ کوردی تورکیا دیاری کراوە، باسی هەستانەوەی کورد لە ساڵانی شەست و حەفتای سەدەی بیستەم و پاشان -زۆر بە وردی- باڵەکانی بزووتنەوەی کورد کراوە. ئەم بەشە تا ساڵانی هەشتا و دروستبوونی پەکەکە و خەباتی سەرسەختانەی کوردی گێڕاوەتەوە. دەرەنجام (ل:۲۹۳-۳۱۱). دواتر پەراوێز و کورتەیەکی بیۆگرافیای کەسایەتی، پارتی و ڕێکخراوە گرینگەکانی ناو باسەکە، جگە لەوەیش کتێبەکە کۆمەڵێک وێنەی ڕۆژنامەنووسیی نایابی هەموو بەشەکانی کوردستان و چەند نەخشەیەکی کوردستانیشی خراوەتە ناو. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم کتێبەی نووسەر بەڕاستی تەواوکەری کتێبەکەی یەکەمیەتی (بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، ۱۹۷۹).

10- Philippe Boulanger, Géopolitique des Kurdes, Paris: Ellipses, DL 2006, (285 p.)

بنکەی ژین www.zheen.org

**– فیلیپ بۆلانگەر، جیۆپۆلیتیکی کوردەکان، پاریس، ٢٠٠٦، ٢٨٥ل.**





ئەم باسە خوێندنەوەیەکی مێژوویی، جیۆپۆلەتیکیی سیاسییە، دابەش کراوە بۆ بەرایی و سێ بەشی سەرەکی. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیی بە قسەیەکی کلیمۆنسۆ کردووەتەوە کە لەگەڵ Robert de Caixدا دەڵێ: ((ئێمە تەواوی بەیانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا باسی کوردانمان کرد، کەوایە پێم ناڵێی ئەم خەڵکانە کێن!)). بەشی یەکەم: مێژووی کورد (ل:١٣-١٣٧)، خوێندنەوەیەکی مێژووییانەیە و باسی چەمکی کوردبوون، کەمالیزم، ئاسۆی دواڕۆژی ناوچەی سەربەخۆیی کوردستانی عیراق، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و کوردانی سوریای تێدا کراوە. بەشی دووەم: جیۆپۆڵەتیک (ل:١٤١-٢٠٥)، سەرهەڵدان و شکستی پەکەکە و بە ڕوویێکی تایبەتیش جیۆپۆڵەتیکای کوردانی عیراق دوای ڕووخانی سەدام حوسێن. دواین فەسڵی ئەم بەشە بریتییە لە باسی "کێشەی ئۆجەلان" و پێوەندیی کوردی بە یەکێتیی ئەورووپاوە. بەشی سێیەم: ناسنامەکان (ل:٢٠٩-٢٦٨)، لە ناسنامەکانی کورد دوواوە و پێی لەسەر بوونی دیاسپۆرای کورد لە ئەورووپا داگرتووە، دواتریش باسی ناسنامە ناوچەییەکانی کردووە. دەرەنجام (ل:٢٦٩-٢٧٦). دواجار وەك پاشکۆ باسی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٦ی کۆمسیۆنی کاروباری هەندەرانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی فرانسای سەبارەت بە کوردستان کردووە کە پەرلەمانتار Michel Habig نووسیویە (ل:٢٧٧-٢٧٩)، بیبلیۆگرافیا (ل:٢٨١-٢٨٥).

**11- Gérard Chaliand (ed), A people without a country : the Kurds and** Kurdistan, **New York : Olive Branch Press, 1993, XII-259 p.**

**– ژێرار شالیان (ئیدیتۆر)، گەلێکی بێدەوڵەت: کورد و کوردستان، نیوویۆرك، ١٩٩٣. داڤید ماکدوێل پێوتاری چاپی ئینگلیزی نووسیوە.**

ئەم کتێبە سەرەتا بە فرەنسی چاپ کراوە، دواتر هەر زوو تەرجەمەی ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی و فارسی کراوە. چاپی ئینگلیزیی کراوە بە ١١ فەسڵەوە. فەسڵی یەکەم: کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، نووسینی کەندال (ل:١١-٣٧)؛ فەسڵی

www.zheen.org





دووەم: کوردستانی تورکیا، نووسینی کەندالْ (ل:٣٨-٩٤)؛ فەسڵی سێیەم: کوردستانی ئێران، نووسینی عەبدولڕەحمان قاسملوو (ل:٩٥-١٢١)؛ فەسلی چوارەم: کۆماری کوردیی مەهاباد، وتارێکی ئارچی ڕۆزڤێڵته لەبارەی کۆماری مەهابادەوە، کە یەکەم جار لە ژمارە یەکی تەمووزی ساڵی ١٩٤٧ی گۆواری (Middle East Journal) دا بڵاو کراوەتەوە، لێرە دووبارە چاپ بووەتەوە (ل:١٢٢-١٣٨)؛ فەسڵی پێنجەم: تایبەتە بە کوردستانی عیراق و باسێکە عیصمەت شەریف وانلی نووسیویە (ل:١٣٩-١٩٣)؛ فەسڵی شەشەم سەبارەت بە کوردەکانی سووریایە و بەناوی خوازراوی مستەفا نازدارەوە بڵاو کراوەتەوە (ل:١٩٤-٢٠٠)؛ فەسڵی حەوتەم کەندالْ لەبارەی کوردەکانی یەکێتیی شورەوییەوە نووسیویە (ل:٢٠٢-٢١٠). تا ئێرە وەرگێڕاوی چاپی فرەنسیی کتێبەکەیە بۆ ئینگلیزی و دواتر چوار فەسڵی دیکە بۆ چاپە ئینگلیزیەکە زیاد کراوە. لە فەسڵی هەشتەمدا ژێرار شالیان لەبارەی کوردەکانی ئێرانەوە لە سەردەمی خومەینیدا نووسیویە (ل:٢١١-٢١٣). لە فەسڵی نۆهەمدا ڕۆژنامەنووسی کورد کامەران قەرەداغی باسێکی بە ناوی دوو جەنگی کەنداو: کورد لەسەر شانۆی جیهاندا ١٩٧٩-١٩٩٢ نووسیوە (ل:٢١٤-٢٣٠). پاشان لە فەسڵی دەیەمدا بێڵ فریلیك باسێکی لەسەر ناوچەی نەوای ئارامی کوردستانی عیراق نووسیوە بەم ناونیشانە: ئۆپەراسیۆنی نەوای ئارام: بەڵێنی درۆزنانە بە کورد (ل:٢٣١-٢٣٧). دوایین فەسڵ بریتییە لە باسێکی ئێلزا مارکۆس بەناوی: کوردەکانی تورکیا لە دوای جەنگی کەنداوەوە: ڕاپۆرتێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە (ل:٢٣٨-٢٤٧). دوایین جاریش کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان (ل:٢٤٨-٢٥٣) و بیبلیۆگرافیا (ل:٢٥٤-٢٥٦).

**12- Noureddine Zaza, Ma vie de** Kurde **ou le Cri du peuple** kurde, **Lausanne; Paris: Éd. P. M. Favre, Coll. Des Causes et des hommes, 1982, (266 p).**

**- نوورەدین زازا، ژیانی کوردایەتیم یان هاواری گەلی کورد، لۆزان، پاریس، ١٩٨٢، ٢٦٦ل.**

بیرەوەریەکانی ژیانی نوورەدین زارا (١٩٢٠-١٩٨٨)یە کە ژیانی خۆی بە شێوەی چەند قۆناغێکی جیاواز گێڕاوەتەوە.


بنکەی ژین www.zheen.org




قۆناغی یەکەم لە کوردستانی تورکیاوە دەستی پێکردووە، باسی منداڵی و ژیانی ڕۆژانەی کورد لە دەورانی عوسمانی و سەردەمانی کۆماریی تورکیادا و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی کردووە. قۆناغی دووەم لە یەکەمین ماوەی ئاوارەیی لە سووریا و بیرەوەریەکانی خۆی لە حەڵەب و شام دوواوە. هەروەها باسی ڕەوشی کورد لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسیدا لە سووریا و ژیانی کوردانی جزیرە و یەکەمین چالاکیی سیاسیی کوردیی کردووە. قۆناغی دواتری ژیانی نوورەدین زارا بریتییە چوونە عیراقی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا و گیرانی لەوێ و دەستگیر کرانی و ماوەیەك مانەوەی لە بەغدا و چوونە بەیرووتی. قۆناغی گرینگی ژیانی زازا چوونە سوێسرەیەتی ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٥٦ و گەڕانەوەی بۆ سووریا، گەیشتنی بەعسییەکان بە سووریا و لە زیندان توندکرانی و دواجار بەناو کێڵگەی مینڕێژدا خۆ گەیاندنە تورکیای و لەوێوە ڕاکردنی بۆ سوێسرە ساڵی ١٩٧٠ و داوای پەناهەندەیی سیاسی کردنی لەوێ و ساڵی ١٩٧٢ هاوسەرگیریی لەگەڵ سوێسرییەکدا و ئیدی تا دواین ڕۆژی ژیانی هەر لە سوێسرە سەرنانەوەی. ئەم کتێبە دوو جار بە فەرەنسی چاپ کراوە: چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ و چاپی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ بڵاو کراوەتەوە.

**13- Sheerin** Ardalan, Les Kurdes Ardalân**: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris: P. Geuthner, 2004, (225 p.-VIII p).**

**- شیرین ئەردەڵان، کوردەکانی ئەردەڵان لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، پاریس، چاپەمەنییەکانی Ghutner، ٢٠٠٤، ٢٢٦ل.**





www.zheen.org

شیرین ئەردەڵان (۱۹۵۵-۲۰۰۲) نەوەی ڕاستەوخۆی دواین بنەماڵەی ئەردەڵانەکانە. ئەم کتێبە بەرهەمی هاوبەشی شیرین ئەردەڵان و پرۆفیسۆر ژان کالمارد Jean Calmardە، دوای مەرگی ناوادەی شیرین، مامۆستاکەی کارەکەی تەواوی کردووە و پێیدا چووەتەوە. ئەم کتێبە کراوە بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم ئەردەڵانەکان تا سەدەی هەژدەهەم، (ل:۱۳- ٥٤)، زیاتر چاوپێداخشانێکی مێژووییە بە بنەماڵەی ئەردەڵانەکاندا لە سەرەتای سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی هەژدەهەم. بەشی دووەم: پێوەندی و کێشە لەگەڵ زەندەکاندا (ل:٥٥-٩٠)، نووسەر لەم بەشەدا زۆر بە وردی قامکی خستووەتە سەر پێوەندیەکانی بنەماڵەی ئەردەڵان و نادرشا و دواتر باسی پێوەندی و کێشەی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و دەسەڵاتی زەندی کردووە و پێبەپێ شوێن جێوڕێی کوردستان لە نێوان بەرداشی عوسمانی و دەسەڵاتی ئێراندا کەوتووە. بەشی سێیەمی کتێبەکە بریتییە لە باسی خوسرەوی دووەم، ناسراو بە خوسرەوی گەورە: ساڵەکانی ۱۷٥۲-۱۷٦٦ (ل:۹۱-۱۲۱)، ئەم بەشە درێژترین و بەشی سەرەکیی کتێبەکەیە، دابەشی کراوە بۆ سێ دوەرانی مێژوویی دیکە، یەکەم ساڵانی ۱۷٥۲-۱۷٦٦ (ل:۹۱-۱۲۱)، دووەم ساڵانی ۱۷٦٦-۱۷۷۹ (ل:۱۲۲-۱٤٦)، سێیەم ساڵانی ۱۷۷۹-۱۷۸٥، (ل:۱٤۷-۱٦۱). لقە بەشی پێنجەم: خوسرەوی دووەم (پیرۆز) دەورانی زێڕینی دەسەڵات، (ل:۱٦۲-۱۸٤) و دواین بەشی بچووکی کتێبەکە باسی کۆتایی خوسرەوی دووەمە (ل:۱۸٥-۱۹۰).

بەشی سێیەمەی کتێبەکە باسی سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمە تا کوژرانی خوسرەوی دووەم. کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشە و درەختی بنەماڵەکانی ئەردەڵان، سەفەوی، زەند، ئەفشار و قاجاری لەگەڵدایە. بەشێکی ئەم کتێبە پەراوێزی گرانبەها لەسەر نووسراوە، دەکرێ خوێنەر بباتەوە بۆ سەرەداوی مێژووی ئەم میرنشینە کە بە ڕەسمی ساڵی ۱۸٦۷ لەناو براوە.

**14- Gérard Chaliand, Le malheur** kurde**, Paris : Ed.Seuil, 1992, 212 p.**

**- ژێرار شالیان، مەرگەساتی کورد، پاریس، ۱۹۹۲، ۲۱۲ل.**




بریتییە لە پێشەکی و (٥) بەشی سەربەخۆ. نووسەر لە پێشەکەیدا بەناوی پرسی کورد (ل:۹-۳۲) قۆناغەکانی

**سەرهەڵدانی پرسی کوردی کردووە چوار قۆناغی سەرەکی. قۆناغی یەکەم: ١٩٢٠-١٩٤٥، قۆناغـــی دووەم: ١٩٤٥-١٩٥٨، قۆناغی سێیەم: ١٩٥٨-١٩٧٥ و قۆناغی چوارەم: ١٩٧٥-١٩٩١. ئینجا بەشەکانی کتێبەکە بەم شێوەیە دابەش کراون: بەشی یەکەم: ناسنامەی کورد (ل:٣٣-٦٠)، باسی ڕۆڵی هۆکاری ئاینی و عەشیرەتگەری لە دروستبوونی ناسنامەی کوردیدا کراوە. پاشان ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەگشتی و دواجار لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کورد بەرچاو خراوە. بەشی دووەم: کوردەکانی تورکیا (ل:٦١-١٠١)، تایبەتە بە کوردانی تورکیا هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیاوە تا دروستبوونی پەکەکە و هەروەها ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی کەمالیزم، بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات، شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا (شێخ سەعید (شوبات- ئایاری ١٩٢٥)، ئارارت (١٩٣٠)، دێرسیم ١٩٣٦-١٩٣٨، جگە لەوە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ناوچەکانی کوردەواری، دیمۆگرافی، ئابووری، لەشساغی، پەروەردە و ژیانی سیاسیی کورد لە تورکیا. بەشی سێیەم: کوردەکانی عیراق (ل:١٠٣-١٤٤)، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەم بەشەی کوردستان، بزووتنەوەی شێخ مەحموود، دروستبوونی دەوڵەتی عیراق، یەکەمین ڕاپەڕینی بارزان (١٩٤٥)، کۆتاییی پاشایەتی (١٩٥٨)، شەڕی ١٩٦١، قۆناغی ١٩٦٣-١٩٦٨: یەکەمین جەنگی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی مارشاڵ عارف، دووەم جەنگی بەعس، ڕێککەوتننامەی ئادار، جەنگی ١٩٧٤-١٩٧٥، دواجار پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ڕاگوێزان و ئاوارەبوونی کوردان، لە باسە سەرەکیەکانیەتی. بەشی چوارەم: کوردانی ئێران (ل:١٤٥-١٦٤). سمکۆ، کۆماری مەهاباد، پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد لەنێوان ١٩٤٦ و ١٩٨٠دا، بزووتنەوەی کورد دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. بەشی پێنجەم: کورد لە سووریا (ل:١٦٥-١٧٢)، تایبەتە بە باسی کوردانی سووریا، بەتایبەت سیاسەتی بەعسی سووریا بەرامبەر بە کورد. دەرەنجام: مافەکانی کەمە نەتەوەیەك (ل:١٧٣-١٨١). دواجار چوار پاشکۆی گرینگ کراون بە پاشبەندی کتێبەکە: ١- تێکستی بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان (ل:١٨٥-١٨٦)، ٢- تێسکتی بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەورووپا (ل:١٨٥-١٨٦)، ٣- تێکستی پەیماننامەی مافەکانی کەمە ئیتنیکیەکان کە حوزەیرانی ١٩٨٩ لە کۆنفرەنسی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپادا لە کۆپنهاگن مۆر کراوە، ٤- لیستی ناوی ئەو گوندانەی کە بە چەکی کیمیایی لەلایەن هێزی ئاسمانیی عیراقەوە بۆمباباران کران (ل:١٨٥-١٩٧). کرۆنۆلۆژی (ل:١٩٩-٢٠٩). بیبلیۆگرافیا (ل:٢١١-٢١٣)، جگە لە کۆمەڵێك نەخشە و کارتی زۆر نایاب.**

www.zheen.org